National Endowment for Democracy
Supporting freedom around the world

RADIO DENG

# یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان

## پرۆژەی چاودێریی دۆخی پەروەردە

## را پۆرتی نۆزدەیەم : ئەرك و مافی فێرخواز

**نیسانی** 2019

رادیۆی دەنگ
یەکەی چاودێریی

1/5/2019

| ناونیشان | ژمارەی پەڕە |
|---|---|
| بەشی یەکەم: ناساندن | |
| پێشەکی | 3 |
| کارنامەی یەکە | 4 |
| ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە | 5 |
| بەشی دوەم: راپۆرت | |
| دەستپێک | 6 |
| قسەی فێرخوازان لە بارەی ئاشناکردنیان بە مافەکانیان | 6 |
| فێرخوازان چی لە بارەی ئەرکەکانیانەوە دەزانن؟ | 8 |
| بۆچونی مامۆستایان لەبارەی ئاشنابونیان بە مافی فێرخواز | 9 |
| قسەی بەڕێوبەری ناوەندەکان لە بارەی مافی فێرخوازانەوە | 10 |
| بەڕێوبەران رۆڵیان چیبوە لە ئاشنا کردنی فێرخواز بە مافەکانیان؟ | 10 |
| رۆڵی توێژەرانی دەرونی و کۆمەلایەتی لەم پرسەدا | 12 |
| مامۆستایان مافەکانی فێرخواز پێشێلدەکەن | 13 |
| نوسینگەی مافی مرۆڤ: پێشێلکاری بەرامبەر مافی فێرخواز کراوە | 14 |
| بەرپرسانی پەروەردە بەدواداچون بۆ پێشێلکارییەکان دەکەن | 14 |
| بەشی سێیەم: راسپاردە | |
| راسپاردەکان | 17 |

# بەشی یەکەم: ناساندن

## 1. پێشەکی

رادیۆی دەنگ وەکو دەزگایەکی کۆمەڵگەیی لەگەرمیان، لەپاڵ ئەرکە سەرەکیەکەی دا وەکو دەزگایەکی راگەیاندنی سەربەخۆ لەگەرمیان بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاریی و شرۆڤەو پێشهاتەکان، هاوکات چەند پرۆژەیەو کارێکی دیکەشی ئەنجامداوە، کەهەندێک لەو پرۆژانە لە دەرەوەی خانەی کاری رۆژنامەوانین.

دروستکردنی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان) یەکێکە لەو پرۆژانەی کە رادیۆکە هەستاوە بە ئەنجامدانی، ئەویش لەو سۆنگەیەوە کە کاری میدیایی لەگەڵ کاری چاودێریی دەزگاکان تێهەڵکێش بکات و بیگونجێنێت، بەشێوەیەک زۆرترین خزمەت و سودی بۆ کۆمەڵگا لێبکەوێتەوە.

کاری ئەم یەکەیە، بەتایبەت چاودێرییکردنی هەردو کەرتی (پەروەردە) و (تەندروستی)یە لەگەرمیان، تائێستا یەکەکە (29) راپۆرتی لەبارەی گرنگترین کێشەو ئالەنگاریەکانی بەردەم ئەم دو کەرتە بڵاوکردوەتەوە، بەشێوەیەک هەر کەرتەو مانگانە راپۆرتێک لە بوارێکی دیارییکراو ئامادە و بڵاو دەکاتەوە.

ئەم راپۆرتانەش جگە لە رایگشتی، ئاراستەی پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و هەروەها حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکانی پەیوەندیدار و ئیدارەی گەرمیان و هەروەها دامودەزگاکانی تری پەیوەندیدار دەکرێت.

هیوادارین لەم هەنگاوەی دەستمان پێکردوە، سەرکەوتو بین و کارەکەمان بتوانێت رۆڵێکی هەبێت لە کەمکردنەوەی قەبارەی کێشەکانی ئەو دو کەرتەو هەروەها دەرفەتێکیش بێت بۆ دەستنیشانکردنی هەڵەو کەموکورتییەکان و چاککردنەوەیان، لەپێناو سودی گشتی.

هەروەک بەتێبینی و سەرنجی هەمو لایەکیش خۆشحاڵ و گەورە دەبین، بەوپێیەی تاک و کۆتا ئامانجمان لەم پرۆژەیەی دەستمان داوەتێ، دروستکردنی گۆڕانکارییە بەئاراستەیەکی ئیجابی لەدەڤەری گەرمیان.

## 2. کارنامەی یەکە

**یەکەم: ناساندن**

یەکەیەکی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی 2017 دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاولاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

دوەم: ئامانجی یەکە

1. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.
2. دروستکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروستکردنی فشار بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.
3. بەدواداچونکردن بۆ کێشەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.
4. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاولاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

سێیەم: کارەکانی یەکە

1. ئەنجامدانی راپۆرتی مانگانە لەسەر چالاکی و خزمەتگوزاریەکان و هەروەها دەستنیشانکردنی کەموکورتیەکان و رەوانەکردنی ئەو راپۆرتانە بۆ حکومەتی ناوەندی و پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنی خۆجێیەتی.
2. ئەنجامدانی هەڵمەتی فشار بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان لە سنورەکەدا.
3. ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاریی بەهاوکاری دەزگا فەرمییەکان.
4. ئەنجامدانی کۆبونەوەو کۆنفرانس و دانیشتن لەنێوان چین و توێژە جیاوازەکان و حکومەتی خۆجێیەتی، بە ئامانجی برەودان بە جۆری خزمەتگوزاریی و فەرمانڕەوایەتی.
5. ئەنجامدانی بەرنامەی تایبەت لە کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ باشترکردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتنی نێوان خەڵک و حکومەت.

چوارەم: بنەما پیشەیی و ئەخلاقیەکانی کارکردنی یەکە

1. لایەنگیریی نەکردن لە کارکردن لەسەر کێشەو کەموکورتیەکان.
2. پابەند بون بەپیشەیی بونەوە لەخستنەروی بابەتییانەی کێشەکان.
3. وەرنەگرتنی هیچ کۆمەک و هاوکاریەکی دارایی لە حکومەت و حزب.

## 3. ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناوچەی گەرمیان

### 1. رادیۆی دەنگ

رادیۆی دەنگ، یەکەمین رادیۆی کۆمەڵگەیی ئەهلیە لە گەرمیان.
لە ساڵی 2010ەوە دامەزراوەو لە بەرواری 6ی شوباتی ئەو ساڵەوە، دەستی کردوە بەپەخشی خۆی لە سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری.
ئەم رادیۆیە، لەلایەن هەردو رۆژنامەنوس (جەزا محەمەد) و (ئازاد عوسمان)ەوە بەهاوکاری ژمارەیەک گەنجی رۆژنامەنوس و چالاکوانی خۆبەخش دامەزراوە، ئامانجیشی بریتیی بوە لە پەرەپێدانی دیموکراسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیانی سنوری گەرمیان لەرێگەی ئەو بەرنامەو هەواڵ و بابەتانەی کە بەدواداچونیان بۆ دەکات.
رادیۆکە، بە نوسراوی ژمارە (265) لە بەرواری (2010/2/2) و بەرێگەپێدانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ شەپۆلی رادیۆکە بە نوسراوی ژمارە (368) لە بەرواری (2010/2/2) مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتوە.
لەئێستادا رۆژانە 24 کاتژمێر لە سنوری گەرمیان، لەسەر شەپۆلی FM 99.9 پەخشی بەرنامەکانی دەکات، هاوکات سایتێکی ئینتەرنێتیشی هەیە هەواڵ و بەرنامەو پەخشی بەرنامەکاتی تێدا دەکات بەناونیشانی (radiodang.org).
رادیۆکە، رادیۆیەکی کۆمەڵگەییە، واتا بۆ کۆمەڵگەو ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی پەخش دەکات، لەبوارە جیاوازەکانی وەکو: سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابوری، رۆژشنبیریی، کەرتی خزمەتگوزاریی و حکومیی و وەرزشیی و ... هتد، بەدواداچون دەکات. هاوکات بەدواداچونیش بۆ پرسە نیشتمانیی و کێشە سەرانسەریەکان دەکات و رەهەندە نیشتمانیی و مرۆڤانەییەکانی بەهەند وەرگرتوە.
جگە لە کاری میدیایی، رادیۆی دەنگ چەندین پرۆژەی دیکەی لەماوەی شەش ساڵی تەمەنی دا ئەنجامداوە، لەوانە: (کردنەوەی خولی پێگەیاندنی رۆژنامەنوس، خولی پەرەپێدان بەتوانانی رۆژنامەنوسان، ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار، سپۆنسەر کردنی هەندێک چالاکی هونەریی).

### 2. سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED

سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانج نەویستی تایبەتە بە گەشەپێدان و پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەمو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (1200) هەزارو دو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (90) نەوەد وڵاتدا دەکات.
(NED) هەر لەدامەزراندنییەوە لەساڵی (1983) دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنەجیاوازەکانداو گەشەیکردوە بۆ دامەزراوەیەکیفرە رەهەندو ئاراستەو بوەتە چەق بۆ چالاکیو ئاڵوگۆڕی هزری بۆ چالاکوانو توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا.

(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، ناکرێت لەڕێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەڕێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات کە دوبارەکردنەوەی نمونەی وڵاتە یەکگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکان و دابونەریتە کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشەدەکات.

## 4. ناساندنی ناوچەی گەرمیان:

گەرمیان بەناوچەیەکی دیارییکراوی سەر پارێزگای کەرکوک بەپێکهاتە کۆنەکەی هەژمار دەکرێت کەدواتر بەهۆکاری تەعریب، خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.

ئەم ناوچەیە، لەکۆمەڵێک قەزا پێکدێت، بەڵام لەروی ئیدارییەوە، ئیدارەی گەرمیان لەئێستادا کورت بوەتەوە بۆ قەزاکانی: (کەلار و کفری و بەشێک لە قەزای خانەقین.)

لەدوای راپەڕینی ساڵی 1991، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی کاتی پارێزگای کەرکوک کە قەزاکانی (کەلار، کفری، چەمچەماڵ، دەربەندیخان و بەشێک لە ناحییەکانی قەزای خانەقین) دەگرتەوە، پێکهێنرا. لەگەڵ پێکهێنانی پارێزگاکەشدا بەهۆی نەبونی بینا بۆ فەرمانگە و بەرێوەبەرایەتییەکان لە قەزای کەلار، قەزای دەربەندیخان دیاریکرا بۆ ناوەندی پارێزگای کەرکوک.

بەپێی پێگەی فەرمیی ئیدارەی گەرمیان لە ئەنتەرنێت، دوای روخانی رژێمی پێشوی عێراق لەساڵی 2003دا، جارێکی تر گەرمیان کە قەزای کەلار ناوەندەکەیەتی توشی بۆشاییەکی ئیداری هات، ئەوەش بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی پارێزگای کەرکوک لە دەربەندیخان، بۆچارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ئیدارییەش، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بڕیارێک لە رۆژی 2006/8/6 "ئیدارەی گەرمیان"ی پێکهێنا کە مەرکەزەکەی لە قەزای کەلار دانراوە، هەروەها لەپێناو کاراکردنی ئیدارەکە و فراوانکردنی دەسەڵاتە کارگێڕییەکانی، حکومەتی هەرێم لە ساڵی 2008 بڕیاریدا ئیدارەی گەرمیان هاوشێوەی پارێزگاکانی تری هەرێم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەو روەشەوە دەسەڵاتی پارێزگار بە خشراوەتە سەرپەرشتیاری ئیدارەکە.

## بەشی دووەم: راپۆرت

### * دەستپێک

ئەرک و ماف یەکێک لە بنەرەتیترین کارەکانی پەروەوەردەیە بەوەی کە فێرخواز لەگەڵ دەسپێکی خوێندنی دەبێت بەوە ئاشنا بکرێت کە ئەرکی چیە و مافی چیە، بەڵام تا ئێستا نەک فێرخواز تەنانەت بەشی زۆری مامۆستایانیش نازانن ئەرک و مافی فێرخواز چیە.

لە درێژەی راپۆرتەکەدا تیشک دەخەینە سەر ئەوەی بۆچی فێرخواز ئەرکەکانی پێ دەوترێت، بەڵام باسی مافەکانی بۆ نەکراوە.

بەپێی بە دواداچونەکانی یەکەی چاودێری حکومەتی خوجێی گەرمیان کە لە بەشێک لە ناوەندەکانی گەرمیان ئەنجامی داوە، مامۆستایان و بەڕێوبەران وەک پێویست رۆڵیان نەبوە لە ئاشناکردنی فێرخوازان بە مافەکانیان سەرباری ئەوەی بە بەردەوامی جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئەرکەکانیان چیە و دەبێت پێوە پابەند بن.

### 1. قسەی فێرخوازان لە بارەی ئاشناکردنیان بە مافەکانیان

فێرخوازان باس لەوە دەکەن کە بەڕێوبەران و مامۆستایان هیچ رۆڵێکیان نیە لە ئاشناکردنیان بە مافەکانیان ئەوەشی کە دەیزانن خۆیان هەستی پێدەکەن، لە کاتێکدا هەندێکی دیکەیان بە پێچەوانەن.

زەینەب کەریم جەبار ، قوتابی قۆناغی هەشتی بنەڕەتی لە  قوتابخانەی (زانست)ی بنەڕەتی لە کەلار، لەبارەی ئەوەی مامۆستایان تا چەند رۆڵیان هەبوە لە ئاشنا کردنیان بە مافەکانیان دەڵێت: "مامۆستاکان و بەڕێوبەرەکەمان تاوەکو ئێستا نەهاتون بۆ لامان وەکو قوتابیەک مافەکانی خۆمان بۆ رون بکەنەوە، هەروەها هەست ناکەم مافمان بەتەواوی بۆ دەستەبەر بکرێت لەقوتابخانە، چونکە تەنانەت مامۆستاکان جنێوی زۆر نەشیاویان بەقوتابیەکان وتوە، لە کاتێکدا ئێمە گەورەین و هەست بە هەمو شتێک دەکەین".

ئەوان باس لەوە دەکەن هیچ کات نەبوە باسی مافەکانیان بکرێت لەلایەن کارگێری ئەو ناوەندانەی کە تێیدان لە کاتێکدا هەمیشە باس لە ئەرکەکانیان دەکرێت.

فێنک حەسەن فتاح، قوتابی قۆناغی نۆیەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەی (سەیدە)ی بنەڕەتی لە ناحیەی سەرقەڵا، باس لەوە دەکات: "هیچ کات نە مامۆستایانمان نە بەڕێوبەرەکەشمان پێیان نەوتوین کە مافمان چیە لە ناوەندەکەدا، لە کاتێکدا هەمو کات باس لە ئەرکەکانمان کراوە".

هاوشێوەی هاوتاکانی، ئەسما عومەر، خوێندکاری قۆناغی دوانزەی زانستی لە ئامادەیی (حەمرین) لە کەلار، دەڵێت: "ئەوەی کە ئاگادار بم لە مافەکانم لە ناوەندەکەم ئەوەیە کە خۆم هەستم پێکردبێت بەدەر لەوە هیچ مامۆستایەک یان بەڕێوبەر هیچیان بۆباس نەکردوین".

لە بەشێکی قوتابخانەکان ستافی ناوەندەکان ڕۆڵیان هەبوە لە ئاشناکردنی فێرخواز بە بەشێک لە مافەکانیان سەرباری ئەوەی کە خۆشیان هەستی پێدەکەن و وەک خۆیان دەڵێن ئێمە مناڵ نین.

ماریا تاریق تۆفیق، خوێندکاری قۆناغی یانزەی زانستی لە ئامادەیی (هەواسان) لە ناحیەی مەیدان، وتی: "مامۆستاکانمان هەمو کات پێیان وتوین کە مافتان چیە و دەتوانن داوا بکەن، سەرباری ئەوەش کە خۆمان هەست بە شتەکان دەکەین کە چی مافی ئێمەیە، چونکە مناڵ نین".

"نازانم چ مافێکم هەیە لە ناوەندەکەمان، چونکە هیچ کات پێم نەوتراوە کە مافم چیە". سەردەشت حەسەن، خوێندکاری قۆناغی دەیەمی وێژەی لە ئامادەیی (گەرمیان) لە ناحیەی ڕزگاری وادەڵێت.

## 2. فێرخوازان چی لە بارەی ئەرکەکانیانەوە دەزانن؟

ئەو چاوپێکەوتنانەی کە یەکەی چاودێری حکومەتی خوجێی گەرمیان ئەنجامی داوە لە ناوەندەکانی خوێندن زۆرینەی فێرخوازان ئاشنان بە ئەرکەکان و کە لێیان دەپرسیت ئەرکت چیە هەمویت بۆ ریز دەکەن، بەپێچەوانەی مافەکانیانەوە.

زەینەب کەریم جەبار ، قوتابی قۆناغی هەشتی بنەڕەتی لە قوتابخانەی (زانست)ی بنەڕەتی لە کەلار، لە بارەی ئەرکەکانیەوە دەڵێت: "فێرخواز دەبێت ئەرکەکانی بەباشی جێبەجێ بکات کە پێی دەدرێت بۆ ماڵەوە، بێڕێزی بەرامبەر بە مامۆستا و بەڕێوبەری ئەو ناوەندە نەکات ، هەروەک ئەرکمان ئەوەیە ئەو ناوەندەی کە تێیداین بە باشی و بە پاکی ڕابیگرین، لەگەڵ ئەوەش ئەبێت پابەندبین ئەو جل و بەرگەی کە بۆمان دەست نیشان دەکرێت".

لە هەمان کاتدا، سارا عومەر مەحمود، خوێندکاری قۆناغی یانزەی وێژەی لە قوتابخانەی (شێروانەی کچان) لە کەلار وتی: "ئەرکی سەرەکی ئێمە لە قوتابخانە خوێندن و گوێڕایەڵی کردنی مامۆستایە، دیاریشە هەر ناوەندێک چەن

یاسایەکی هەیە ئەرکی ئێمە ئەوەیە کە نابێت لەو یاسایانە دەربچین چ لە روی جلو بەرگەوە بێت یان لە روی پاک راگرتنی ناوەندەکەوە بێت".

## 3. بۆچونی مامۆستایان لەبارەی ئاشنابونیان بە مافی فێرخواز

تەنها فێرخوازان نین کە بێ ئاگان لە مافەکانی خۆیان بەڵکو بەشی زۆری مامۆستایانیش نازانن کە ئەرک و مافی فێرخواز بە تەواوی چیە، ناشزانرێت چۆن مامەڵە لەگەڵ فێرخواز بکرێت لە روی مافەکانیانەوە.

پەیمان ئەمین سەمین، مامۆستا لە قوتابخانەی (ئەڵوەن)ی بنەڕەتی لە قەزای کەلار وتی: "چ مامۆستا چ فێرخواز کۆمەڵێک ئەرکیان هەیە و وەزارەت دیاری کردوە، هۆکاری ئەوەشی کە فێرخواز بێ ئاگایە لە مافەکانی یەکەم کەمتەرخەمی مامۆستایانە دواتر کارگێڕی و توێژەرانە و کەمی کات و زۆری ژمارەی فێرخوازە لە ناوەندەکان ئەمانە هۆکاری سەرەکین".

باسیلەوەشکرد: ئەمە یەکێکە لە مافەکانی فێرخواز کە مامۆستا نابێت جنێو و تەشهیر و جیاکاری رەگەزی بەرامبەر بە فێرخواز بنوێنێت کە ئەمە هەیە لە ناوەندەکان و بە زەقی دیارە، هۆکاری ئەمەش نا شارەزای مامۆستایانە بە مافەکانی فێرخواز، کێ لێی بەرپرسە نازانم.

بەشێک لە مامۆستایان باس لەوە دەکەن ئەگەرچی بۆ ماوەیەکی زۆرە لە ناوەندەکانی خوێندن و مامەڵە لەگەڵ فێرخواز دەکەن، کەچی تاوەکو ئێستا وەک پێویست نازانن مافی فێرخواز چیە.

جێگر سەلام حسێن، مامۆستا لە ئامادەیی (ئیبراهیم ئەحمەد) لە کەلار دەڵێت: "مامۆستایان بە مافەکانی خۆیان ئاشنا نین چ جای هی فێرخواز، بۆیە بەشێکی زۆری مامۆستایان نازانن کە مافی فێرخواز چیە هۆکاری ئەمە چیە تاوەکو ئێستا نازانرێت و کەمتەرخەمییەکە لە کوێوەیە".

"مامۆستا و فێرخوازیش کۆمەڵێک ئەرک و مافیان هەیە، بۆ فێرخواز هەمیشە وا تێگەشتوین ئەو نمرەیەی کە پێی ئەدرێت لەبەرامبەر خوێندنەکەی تەنها ئەوە مافیەتی، لە کاتێکدا ئەبێت فێری خوێندن و نوسین و پەروەردەیەکی گونجاو بکرێت و ژینگەیەکی لەباری بۆ برەخسێنرێت کە ناوەندەکەی و مامۆستایانیشی خۆش بوێت کە هەمو ئەمانە مافی ئەوە، لەگەڵ ئەوەش روبەروی توندوتیژی نەبێتەوە". بەرزان کەنعان، مامۆستا لە ئامادەیی (زرنگ) لە ناحیەی رزگاری وای وت.

## 4. قسەی بەڕێوبەری ناوەندەکان لە بارەی مافی فێرخوازانەوە

بەشێکی زۆری مامۆستایان و بەڕێوبەران هاوڕان لەسەر ئەوەی کە تاوەکو ئێستا نوسراوێک یانناملیکەیەکی تایبەت بە مافی فێرخواز بە دەستیان نەگەشتوە و پێی ئاشنانین، وەک خۆیان دەڵێن بەدەر لەوەی کە خودی خۆیان لە بواری پەروەردە خوێندویانەتەوە هیچی دیکەیان نەبینیوە.

زانا نەجیب عەزیز، بەڕێوبەری ئامادەیی (باکور) لە قەزای کەلار، وتی: "تازە بوم بە بەڕێوبەر هیچ پەرتوکێک یان شتێکم نەبینیوە لە سەر دیاریکردنی مافی فێرخواز، ئەوەی ئاگاداریم لە کۆنفرانسێکی پەروەردەی لە ساڵی 2009 کۆمەڵێک رێنمای دەرکرا سەبارەت بە شێوازی مامەڵەکردنی مامۆستا لەگەڵ فێرخواز، لەگەڵ ئەوەش نەهێشتنی توندو تیژی بەرامبەر بە فێرخواز لە ناوەندەکان".

لە هەمان کاتدا، کامەران ئیسماعیل، بەڕێوبەری قوتابخانەی (پێشکەوتن)ی بنەڕەتی لە قەزای کەلار دەڵێت: "لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە هیچمان بۆ نەهاتوە کە پێمان بڵێت ئەمە مافی فێرخوازە و دیاری کرابێت، ئەوەشی کە کردومانە خۆمان پێمان داون".

پێچەوانەی هاوتاکانی مەحمود ساڵح قادر، بەڕێوبەری قوتابخانەی (ئاسۆ)ی بنەڕەتی لە ناحیەی رزگاری دەڵێت: "شتی وانیە بەڕێوبەرێک بێ ئاگابێت لە مافەکانی فێرخواز، لە کاتێکدا لە سەرەتای هەمو ساڵێک بە سیدی رێنماییەکانی وەزارەت دێت کە ئەو ساڵە پرۆسەکە چۆن بەڕێوە بچێت و مافی فێرخواز چیە کە دەبێت جێبەجێ بکرێت، لەگەڵ ئەوەش کە هەمو هەفتەیەک فێرخواز لە ناو گۆرەپانی ناوەندەکە کۆ دەکەینەوە و پێیان دەڵێن کە چی هەیە و چی دەکرێت.

حسێن محەمەد حەسەن، بەڕێوبەری ئامادەیی (سۆلافی کچان) لە قەزای کفری دەڵێت: "ئەوەی هەیە رێنماییە ئەمەش بۆ خۆی مافە و نێردراوە".

## 5. بەڕێوبەران رۆڵیان چیبوە لە ئاشنا کردنی فێرخواز بە مافەکانیان؟

ئەوەی لە ناوەندەکانی خوێندن جەختی لێدەکرێتەوە زیاتر پرۆسەی خوێندن و پاراستنی ناوەندەکان و راپەراندنی ئەو ئەرکانەیە کە دەبێت فێرخواز ئەنجامی بدات، بە کەمترین شێوە جەخت لەسەر مافاکانیان دەکرێتەوە و فێرخوازی پێ ئاشنا ناکرێت.

زانا نەجیب عەزیز، بەڕێوبەری ئامادەیی (باکور) لە قەزای کەلار وتی: "هەمو کات دو خاڵمان جەخت لێکردوەتەوە یەکەم خوێندن دواتر چۆنیەتی مامەڵەکردنیان، جگە لەمەش کۆمەڵێک مافیان هەیە فێرخواز گرنگترینیان پەروەردە کردنەکەیانە دواتریش چالاکی جۆرا و جۆریان هەبێت لە هەر بوارێک لە بوارەکانی تر".

وتیشی: هەر رەخنە و پێشنیارێکیشیان هەبێت بۆیان جێبەجێدەکەین هەشبوە و کردومانە، مافیش بۆ فێرخواز گەڕێنراوەتەوە لە بونی هەرکێشەیەک کە مافی بوبێت.

ئەو ناوەندانەی کە دەوامیان ئێوارانە لەلایەن وەزارەتی پەروەدەوە کۆمەڵێک مافی لە فێرخواز وەرگرتوە و لەلایەن پەروەردەکانیشەوە بانگهێشت ناکرێن بۆ هەندێک چالاکی لە کاتێکدا ئەویش ناوەندێکە وەک ناوەندەکانی دیکە.

زیاد فایەق، بەڕێوبەری ئامادەیی (هەندرین) لە ناحیەی رزگاری دەڵێت: "فێرخوازانی ناوەندەکەی ئێمە لەلایەن وەزارەتەوە لە کۆمەڵێک لە مافەکانیان بێبەشکراون بە تایبەت لە وانەکانی هونەر و وەرزش کە ناتوانن بەشداری هیچ چالاکیەک بکەن، تەنانەت لەلایەن ناوەندەکانی تریش کە بەیانیانن هیچ کات بانگهێشت نەکراون بۆ ئەو چالاکیانە کە ئارەزوی زۆریان لێی هەیە".

باسیلەوەشکرد" ئەوەی لەلای ئێمەیە بە فێرخواز دراوە تەنها خوێندن و پەروەردە کردنەکەیەتی لەگەڵ نەبونی توندوتیژی بەدەر لەوە هیچی دیکە نیە.

"بەشێکی زۆری مافەکانی فێرخوازمان دابین کردوە یەک لەوانە راپرسیمان کردوە لەنێوان فێرخوازان سەبارەت بە مامۆستایان بۆ ئەوەی هەر گرفتێک هەبێت چاکی بکەین، بەڵام ئەوەی هەیە لایەنی ئیداری چۆن بزانێت مامەڵە لەگەڵ ئەو مافانە بکات". کامەران ئیسماعیل، بەڕێوبەری قوتابخانەی (پێشکەوتن)ی بنەڕەتی لە قەزای کەلار وادەڵێت.

دەشڵێت: فێرخواز ناتوانێت داوای مافی خۆی بکات، چونکە لە بنچینەدا واهاتوە کە ئەوان گوێگربن و مامۆستا دەسەڵات داربێت، ئەمەش پێویستە کاری لەسەر بکرێت و نەهێڵدرێت، وە پێویستە مافی فێرخواز هەڵبواسرێت لە ناوەندەکان بۆ ئەوەی پێی ئاشنابن، تەنانەت خێزانەکانیش ناتوانن داوای مافی منداڵەکانیان بکەن چونکە دەترسن مامۆستایان رق بخەنە سەر منداڵەکانیان.

کەمی کات و نەبونی جێگە وایکردوە کە مافی فێرخواز وەک پێویست جێبەجێنەکرێت، لە کاتێکدا پێویستە گرنی پێبدرێت.

مەحمود سالح قادر، بەڕێوبەری قوتابخانەی (ئاسۆ)ی بنەڕەتی لە ناحیەی رزگاری، دەڵێت: "ئەوە راستە کە لە ناوەندەکان هەمیشە فێرخواز زیاتر ئاشنا کراوە بە ئەرکەکانی وەک لە مافەکانی، زیاتر گرنگی بە خوێندن و پەروەردە دەدرێت لە روی مافەکانیانەوە، هۆکارەکانیشی کەمی کات و زۆری فێرخواز و کەمی بینایە، ئەمەش بۆ خۆی مافێکە لە فێرخواز وەرگیراوەتەوە، چونکە بینایەک کە بۆ (250) فێرخواز دروستکراوە کەچی (500)ی تێدایە".

ئاماژەی بەوەشکرد: لە روی بابەتەکانیشەوە بەتایبەت وەرزش جێگەی گونجاو نیە لە بەشێک لە ناوەندەکان، ئەمەش مافێکی دیکەیە کە وەک پێویست بە فێرخواز نەدراوە ئەگەرچی پەروەردە گرنگی پێدەدات.

هەندێک لە بەڕێوبەران بۆ بەرچاو رونی فێرخوازەکانیان کە چی هەیە بۆ ئەوان هەر نوسراوێک پەیوەندیدار بێت پێیانەوە لە رارەوەکانی ناوەندەکە بۆیان هەڵدەواسن بۆ ئەوەی پێی ئاشنا بن.

حسێن محەمەد حەسەن، بەڕێوبەری ئامادەیی (سۆلافی کچان) لە قەزای کفری، دەڵێت: "هەمیشە بە ئەرکی خۆمان هەستاوین کە چی دێت لە بارەی فێرخوازەوە پێیان دەگەیەنین، بە تایبەت بۆ فێرخوازان بۆردێکمان هەیە و بۆیان هەڵدەواسین کە چی پەیوەندیدارە پێیانەوە، لەگەڵ ئەوەش لە ژوری مامۆستایانیش هەڵیدەواسم کە پێویستە چی بکەن، ئەوەشی کە پێویست بوە بۆیانمان کردوە هەر لە کۆڕ و سیمینار و گەشتی زانستی و بەهارە و چالاکیەکانی سالانە".

## 6. رۆڵی توێژەرانی دەرونی و کۆمەڵایەتی لەم پرسەدا

توێژەرانی دەرونی و کۆمەڵایەتی باس لەوە دەکەن لە ناوەندەکانی خوێندن رۆڵێکی ئەوتۆیان نیە، چونکە هیچ بەشە وانەیەکیان نیە کە فێرخواز ببینن، وەک خۆیان دەڵێن چاوەڕوانی دەستی مامۆستایانن کە وانەیەکیان پێبدەن.

ڤیان یەدوڵا، توێژەری کۆمەڵایەتی لە ئامادەیی (حەمرین) لە قەزای کەلار دەڵێت: "ئێمە چ رۆڵێکمان هەبێت لە کاتێکدا بەشە وانەمان نیە و ئەبێت داوا لە مامۆستایانی دیکە بکەین کە وانەی خۆیان بدەن بە ئێمە، ئەوانیش نایدەن و ئەبێت بە دوای دەرفەت بگەرێیت کە بێتە پێش و بچینە لایان، یان ئەکەوێتە کۆتای ساڵ کە وانەکان تەواو ئەبن".

توێژەرێکی کۆمەڵایەتی باس لەوە دەکات رۆڵیان وەک پێویست نیە لە ناوەندەکانی خوێندن، چونکە مامۆستایان هۆشیارییان نیە بەرامبەر بە توێژەران کە کارییان چیە لە ناوەندەکان.

سەلیم سالّح کاکە خان، توێژەری کۆمەڵایەتی لە ئامادەیی (گەرمیان) لە ناحیەی رزگاری وتی: "لە وانە شاغرەکان فێرخوازمان بینیوە و باسی مافەکانیمان بۆ کردون لەبەر ئەوەی بەشە وانەمان نیە، سەرباری ئەوەی کە وەک پێویست نەبوە".

لە هەمان کاتدا، سالّح ئیبراهیم، توێژەری کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەی (سیروان)ی بنەڕەتی لە قەزای کفری وتی: "ئەوەی زیاتر گرنگیمان پێدابێت خوێندن و پەروەردەکەیە، چونکە قۆناغی بنەڕەتی هەندێک شت هەیە نایزانن وکەمتر باسی مافەکانیان دەکرێت".

## 7. مامۆستایان مافەکانی فێرخواز پێشێلدەکەن

توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە ناوەندەکانی خوێندن باس لەوە دەکەن مافی فێرخواز لەلایەن مامۆستایانەوە پێشێلدەکرێت بە رێژەیەکی زۆر، وەک خۆیان دەڵێن روبەڕوی توانجی مامۆستایان بونەوەتەوە و بە پارێزەری فێرخواز ناو دەبرێن.

ڤیان یەدوڵڵا، توێژەری کۆمەڵایەتی لە ئامادەیی (حەمرین) لە قەزای کەلار دەڵێت: "مامۆستایان زۆر مافی فێرخوازان پێشێل دەکەن، تەنانەت زۆرترین پێشێلکاری کە بەرامبەر بە فێرخوازان کراوە لە ناوەندەکەمان ئەمساڵ لەلایەن ئەو مامۆستایەوە بوە کە وانەی مافیان پێدەدات، کە پێشیان ئەڵێی بۆ وایە گوێ ناگرن".

لە هەمان کاتدا، سەلیم سالّح کاکەخان، توێژەری کۆمەڵایەتی لە ئامادەیی (گەرمیان) لە ناحیەی رزگاری، ئەوەدەخاتەرو: "مافی فێرخواز لەلایەن مامۆستایانە زۆر پێشێلکراوە و بەردەوامیشە، کاتێکیش کە هەوڵ ئەدەین بەدواداچونی بۆ بکەین ناتوانین، لەبەر ئەوەی مامۆستایان پێمان ئەڵێن ئێوە پارێزەری فێرخوازانن و روبەروی توانج بومەتەوە، لەگەڵ ئەوەش هەر کۆڵم نەداوە، بۆیە پێویستە پەروەردە پێش هەمو شتێک خولێک بکاتەوە بۆ مامۆستایان بۆ ناساندنی توێژەرەکان لە ناوەندەکان کە ئەرکیان چیە".

توێژەرێک باس لەوە دەکات لەلایەن مامۆستایانەوە مافی فێرخواز پێشێل دەکرێت، بەڵام زۆر نیە.

سالّح ئیبراهیم، توێژەری کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەی (سیروان)ی بنەڕەتی لە قەزای کفری، وتی: "مافی فێرخواز پێشێل دەکرێت لە لەلایەن مامۆستایانەوە، بەڵام کەمترە لە پێشوتر و بەو جۆرە نیە کە باسی لێوە دەکرێت".

مامۆستایەک ئەوە پشت راست دەکاتەوە کە باس لە پێشێلکردنی مافی فێرخوازان دەکرێت لەلایەن مامۆستایانەوە.

چالاک عەبدولباقی حسێن، مامۆستا لە ئامادەیی (فیدراڵ) لە قەزای کفری وتی: "کەمتەرخەمی فێرخواز و بێباکی مامۆستایان هۆکاری سەرەکی بوە لە ئاشنا نەکردنیان بە مافەکانیان، بەشێک لە مامۆستایان ئاشنا نین بە مافەکانی فێرخواز ئەوانەشی کە ئاشنان پێشێلی دەکەن ".

## 8. نوسینگەی مافی مرۆڤ: پێشێلکاری بەرامبەر مافی فێرخواز کراوە

بەڕێوبەری نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان باس لەوە دەکات کە پێشێلکاری هەبوە لە ناوەندەکانی خوێندن و سکاڵاش هاتوەتە لامان و بەدواداچونمان بۆ کردوە.

خەبات رەشید، بەڕێوبەری نوسینگەی مافی مرۆڤ لە گەرمیان، سەبارەت بەو پێشێلکاریانەی کە بەرامبەر بە فێرخواز دەکرێت تا چەن بەدواداچونیان کردوە لە ناوەندەکان رونیدەکاتەوە: "لە ماوەی رابردودا و بەتایبەت لە مانگی 11 و 12 دا سکاڵا هەبوە لە ناوەندەکان کە پێشێلکاری بەرامبەر بە فێرخواز کراوە و هاتوەتە لامان چ لە لایەن فێرخوازانەوە بێت چ لە لایەن خێزانەکانیانەوە بێت، بەدواداچونمان بۆ کردوە لە ناوەندەکان کە چی بوە و چۆن بوە و رۆشتوینە ئەویَ، کە زۆرترینیان توندوتیژی بوە و لەسەر جل و بەرگ و فێرخوازیش گوازراوەتەوە بۆ ناوەندێکی دیکە".

دەشڵێت: ئەو فۆرمی سکاڵانەشمان ئاراستەی پەروەردە کردوە ئەگەر چی تا ئێستا وەڵام نەدراوینەتەوە، بەڵام دڵنیان کە ئیجرائات کراوە، خێزانیش هەبوە پاش چارەسەر کردنی کێشەکەیان داوای کشانەوەی سکاڵاکانیان کردوە.

باسیلەوەشکرد: ئەو مافانەی کە دیاری کراوە بە منالان لە ساڵی 1989 لەلایەن ویلایەتە یەگرتوەکانی ئەمریکاوە و کە عێراق و هەرێمی کوردستانیش پێوەی پابەندن، بەڵام وەک پێویست جێبەجێناکرێت، نەک لە گەرمیان بەڵکو لە هەرێمی کوردستانیش.

## 9. بەرپرسانی پەروەردە بەدواداچون بۆ پێشێلکارییەکان دەکەن

بەرپرسانی پەروەردە وەک خۆیان باسی دەکەن ئەو رێنماییانەی کە دێت تایبەت بە ئەرک و مافی فێرخوازانە ئاراستەی ناوەندەکانی خوێندن دەکرێت، هەر مامۆستایەکیش ئەو مافانە پێشێل بکات سزا دەدرێت هەشبوە سزا دراوە.

عەدالەت لەتیف عبید، بەڕێوبەری پەروەردەی کەلار سەبارەت بە بەدواداچونەکانی لە ناوەندەکانی خوێندن لە بەرامبەر پێشێل کردنی مافی فێرخواز باسی لەوەکرد: "بەشێکی زۆری مافی فێرخواز دابین کراوە چ لە بینا بێت چ لە مامۆستا بێت چ لە پێداویستی خوێندن بێت ئەگەرچی وەک پێویست نیە، لەگەڵ ئەوەش هەر پێشێلکارییەک بەرامبەر بە فێرخواز کرابێت بەدواداچونمان کردوە چ لە ڕێگەی سکاڵاوە بێت چ لە سەردانەکانی خۆمان بێت.

بەڕێوبەری پەروەردەی کەلار، لابردنی بەڕێوبەرێک لە کارەکەی بەنمونەی ئەو لێپێچینەوانە دەهێنێتەوە کە پێش وادەی دەوام رۆشتونەتەوە ئەمەش وەک پێشێلکردنی مافی فێرخوازان.

دەشڵێت: لێپێچینەوەی دیکەشیان کردوە لە هەژمارکردنی مامۆستا بە نەهاتو یاخود گواستنەوەی مامۆستا یان وەرگتنەوەی وانە لە مامۆستاکە.

باسیلەوەشکرد: ئەو سکاڵانەشی کە لە مافی مرۆڤەوە هاتوەتە لامان بەدواداچونمان کردوە دانەیەکیان سەربە پەروەردەی کفری بوە، دوانیان کێشەکەیان چارە کراوە و داوای کشانەوەی سکاڵاکانیان کردوە.

لەسەر پێشێلکاری لە ناوەندەکانی خوێندن لێپێچینەوە لە مامۆستایان کراوە و سزا دراون ئەمەش بە پێی وتەی بەڕێوبەری پەروەردەی کفری.

ئیسماعیل سەمین، بەڕێوبەری پەروەردەی کفری دەڵێت:"پێشێلکاری بەرامبەر بە فێرخواز هەیە لە ناوەندەکان و بەدواداچونمان کردوە و لێپێچینەوەشمان کردوە، لەسەر ئەوە مامۆستا گواستراوەتەوە کە لە تاقیکردنەوەکان گرفتی بۆ فێرخواز دروست کردوە، هەبوە سزای سەرەنج راکێشانی وەرگرتوە لەسەر خراپی شێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵ فێرخواز و نمرە، مامۆستای دیکەش لیژنەی لەسەر دروستکراوە و لێکۆڵینەوە بەردەوامە، ئەمەشی کە ئێمە دەیکەین لەسەر ئەو سکاڵانایە کە دێتە لامان".

سەرپەرستیاری توێژەران ئەوە ناشارێتەوە و دەڵێت توێژەرمان هەیە وەک پێویست رۆڵی نیە، ئەگەرچی هەر راپۆرتێکیش هاتبێتە لایان ئیجرائاتیان کردوە و تاوانبار روبەروی سزا کراوەتەوە.

عەباس مەحمود محەمەد، سەرپەرشتیاری یەکەی توێژەران لە پەروەردەی گەرمیان دەڵێت: "پێشێل کردنی مافی فێرخواز لە ناوەندەکان بە پێی ئەو راپۆرتانەی پێمان گەشتوە لە لایەن توێژەرانەوە لێپێچینەوەمان کردوە و مامۆستاش سزادراوە.

وتیشی: ئەو راپۆرتانەی بۆمان هاتوە و بەدواداچونمان بۆ کردوە.

"ئەرک و مافی فێرخواز دیاری کراوە بە رێنمای لە وەزارەتەوە هەموشی دیارن هەر کەسێکیش کە دەڵێت نەمبینیوە ئەوە خۆی بێئاگایە". بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان وا دەڵێت.

دارا ئەحمەد سەمین، بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان باس لەوە دەکات: "لەسەر پێشێلکردنی مافی فێرخواز بە سەدان مامۆستا سزا دراوە چ لە گواستنەوە بێت چ لە گۆرینی ناونیشان بێت چ لە ئاگادارکردنەوەبێت.

وتیشی: ئەوەی کە ئێمە کردومانە کارمان لەسەر ئەو سکاڵانە کردوە کە دێتە لامان، تەنانەت مامۆستامان هەیە ناونیشانەکەیمان گۆڕیوە بۆ فەرمانبەر، لەبەر ئەوەی توندوتیژی بەرامبەر بە فێرخواز کردوە.

دەشڵێت: ئەرک و مافی فێرخوازیش دیاری کراوە بە رێنمای لە وەزارەتەوە هەموشی دیارن هەر کەسێکیش کە دەڵێت نەمبینیوە ئەوە خۆی بێئاگایە، ئێمە پەرتوکێکمان هەیە ناوی سیستەمی قوتابخانە بنەڕەتی و ئامادەییەکانە هەمو شتێک لەوێ هەیە و هەمو قوتابخانەیەک هەیەتی، مەگەر کەسێک بێئاگابێت لە ئیشەکەی خۆی.

ئاماژەی بەوەشکرد: سکاڵامان هەیە لەم کۆتای ساڵەدا مامۆستا مافی فێرخوازی پێشێل کردوە بەوەی کە منداڵەکەی خۆی خستوەتە پێش، لیژنەمان لەسەر دروست کردوە.

## بەشی سێیەم: راسپاردە

1. بە پێی بەدواداچونەکان زۆرینەی فێرخوازان ئاگادار مافەکانیان نین و لەلایەن مامۆستایانیشەوە ئاشنا نەکراون بە مافەکانیان.

2. جیاکردنەوەی ئەرک و ماف لە یەکتری کارێکی پەسەند نیە و دەبێت لە ناوەندەکان لەگەڵ ئەوەی ئەرکەکانیان پێدەوترێت، بە مافەکانیشیان ئاشنا بکرێن، چونکە ئێستا فێرخوازان ئەرکەکانیان دەزانن و ئاشنا نین بە مافەکانیان.

3. جگە لە فێرخوازان بەشێکی زۆری مامۆستایان و تەنانەت بەرێوبەری ناوەندەکان ئاشنا نین بە ئەرک و مافی فێرخواز، ئەمەش هۆکاری سەرەکیە بۆ ئەوەی فێرخوازان نەزانن ئەرک و مافیان چیە.

4. لەرێگەی ئەنجامدانی کۆر و سیمینار یاخود هەڵواسینی ئەرک و مافی فێرخوازەوە هاوشێوەی تابلۆیەک لە قوتابخانەکان، دەتوانرێت فێرخوازان ئاشنای ئەرک و مافەکانیان بکەن.

5. زۆرینەی ئەو رێنماییە نوێیانەی لە وەزارەتەوە دێتە بەرێوبەرایەتیەکان فێرخوازان لێی بێ ئاگان و بە فێرخوازان ناوترێتەوە.

6. پێدانی کات بە توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەرونی رێگایەکی باشە بۆ ئەوەی فێرخوازان ئاشنابن بە ئەرک و مافەکانیان.

**❋ ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:**

1. ئەحمەد حەمید وەلی، سەرپەرشتیاری یەکە
2. زریان محەمەد، لێپرسراوی دۆسیەی پەروەردە
3. رێناس ساڵح، لێپرسراوی دۆسیەی تەندروستی

**❋ بۆ پەیوەندی:**

07702303676 - 07480207400

Radiodeng@yahoo.com

Radiodang.org